# ڕێگای کوردستان

چوارشەممە (٨)ی ئەیلول (سێپتەمبەر)ی ٢٠٠٤ ژمارە (٦٠٩) ساڵی (٥٩)


## ئەحلام موستەغانمی:

# نووسەری سەرکەوتوو دەچێتە ئەو شوێنەی کە خوێنەر دەیەوێ بۆی بچێت


ئـا: حەمە عەباس




ئەحلام موستەغانمی یەکێکە لە ڕۆماننوسە دیارەکانی عەرەبو جەزائیر کە بە زمـانی عـەرەبی دەنووسـێت, لـە کاتێکـا زۆربـەی نووسەرانی دیکەی جەزائیر بە زمانی فەرەنسی دەنوسن, لەم بارەیەوە موستەغانمی دەڵێت, ئەگەر نیازی خۆکوژیت هەبوو ئەوا بە زمـانی عەرەبی بنووسە! بەتایبەتی لە جەزائیر ڕۆمانەکانی موستەغانمی (فوضى الحواس)و (ذاكرة الجسد) وەك نووسەرێکی بوێرو چاونەترس بە خوێنەرانی ناساند، شێوازی وروژێنەرانەی نووسینەکەی ڕەواجێکی زۆری بۆ پەیداکردووە بەرامبەر بەمەش نەیارانێکی زۆریشی هەیە.

موستەغانمی بەشێوەیەکی بەرچاو تەسکانە نا, بەڵکو بەشێوەیەکی مرۆییانە داکۆکی لە زمانەکەی خۆی دەکـات, لـە وڵاتەکەیـداو لە گفتوگۆیەکدا کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا گۆڤاری (الوسط) لەگەڵیدا سازیدابوو دەڵـێ: (جـەنگ لـە دنیـادا لەسـەر ئاسـتی سـەربازیی کۆتایی پێهاتووەو جەنگی سیاسی دەستەو یەخەی زمانو ڕۆشنبیری بووەو ساڵانە ٢٥ زمان لەناو دەچنو پێنج زمان لە دنیا هەڕەشە لـە سەدان زمانی زیندووی تر دەکەن, لەناو ئەو زمانانەدا زمانی عەرەبیش لە جەزائیر بەرەو ڕووی ئەم مەترسییە بۆتـەوە لـەم ڕووەوە ڕووی گلەیی هەر لە نەیارانی زمانەکەی خۆی ناکات بەڵکو خودی عەرەبەکانیش دەداتـە بـەر تـوانجو دەڵـێ (بۆتەفلیفـە)ی سـەرۆکیش لای خۆیەوە گورزی کوشندەی لە زمانی عەرەبی سرەواندووە بەوەی کە یەکەم سەرۆکی جەزائیری بوو ڕێگەی بەخۆیداوە لە کاتی سەردانی بـۆ دەزگا نیشتمانیو سەربازییەکان بە زمانی فەرەنسی لەگەڵیان بدوێ, هەروەها لە پەرلەمانیشدا یەکێ لە ئەندامەکان کەوتـە قسـە بـە زمانی فەرەنسی ئەندامانی دیکە دەستیان کرد بە لێدانی مێزەکانیان وەك نارەزاییەك چونکە زمانی ڕەسمی لە گفتوگۆکانی پەرلەمانـدا زمانی عەرەبییە کەچی ئەو ئەندامە هیچ حیسابی بۆ نارەزایی ئەندامەکان نەکردو بە پێکەنینەوە درێژەی بە قسـەی خۆیـدا بـە زمـانی فەرەنسی, لە پرسیارێکدا سەبارەت بە وەرگێڕانی کارەکانی بۆ سەر زمانانی دیکە, دەڵێ: من بە عـەرەبی دەنوسـمو نووسـراوەکانم لـە ١٤ دەوڵـەت دەخوێندرێتـەوەو کتێبـەکانم زۆرترین فرۆشیان لەسەرە کە ئەمەش سەروەرییەکە بۆ من کە نە بە پارەو نە بە وەرگێڕان دەستناکەوێ". هەروەها دەڵێ:" چەند ئافرەتێك پەیوەندییان پێوەم کردووە کە دەیانەوێ کتێبەکانی من وەرگێڕنە سەر زمانی کوردی من بەمە دڵخۆش بوم زیاتر لەوەی کە دڵخۆش دەبم بە وەرگێڕانی کتێبەکانم بۆ زمانی ئینگلیـزی, خوێنـەری کـورد لـە کێشـەکەی مندا هاوخەمەو ئەویش کێشەیەکی هەیە لە شێوەی کێشەکەی من, بەڵام خوێنەری ئینگلیزیو ئەمریکی چ شتێك بە کتێبەکەی من (ذاكرة الجسد)ی دەبەستێتەوە لە کاتێکـدا بە وەرگێڕانی کتێبەکەم بەهاکەشی ون دەبێ, کتێبەکەی من شیعر ئامێزەو بە زمانێکی شیعریی داڕێژراوە شیعریش لە وەرگێڕاندا ون دەبێ. وەك گوتمان کتێبەکانی موستەغانمی ژمارەیەکی زۆر لەهەوادارو نەیارانی بۆ دروستکردووە, لەناویاندا چەندین ڕەخنەگریش هەن کە کارەکانی موستەغانمی یان هەڵسەنگاندووە لەم ڕووەوە دەڵێت: ئێمە پێویسـتیمان بە ڕەخنەگرێکی وا هەیە کە بەشێوەیەکی بابەتی لەسەر دەق بنووسێت, نە پیایدا هەڵبداتو نە تێکیشی بشکێنێ, من بـە دوای ڕەخنەگرێکـدا دەگـەڕێم کـە بەرامبـەر کـەمو کوڕییەکانم چاوم بکاتەوە نەك ڕەخنەگرێك کەمو کوڕییەکانی خۆی بکاتە کوڵی منەوە.. بە دوای ڕەخنەگرێکدا دەگەڕێم کە لێی فێربمو ئەویش لەمنەوە فێربێت) سـەبارەت بـەو بانگەشانەی کە گوایا بابەتی کتێبەکەی لە (الوليمه)ی حەیدەر حەیدەر دزیوە, بەتایبەتیش ورووژاندنەکەی (رجاء نقاش) دەڵێ: (نووسەری سەرکەوتوو ئەوەیـە کـە بچێـتە ئـەو شوێنە کە خوێنەر دەیەوێ بۆی بچێتو لە زمانی نووسینی خۆیدا زمانی دیکە بدزێت, من پێموایە ڕۆمانووس دزە چونکە ژیانو گوفتاری خەڵك دەدزێت, بەڵام کـاتی تۆمـەتی ئەوەم دەدەنە پاڵ کە کتێبەکەم لە حەیدەر حەیدەر دزیوە, دەمرم هێندەی پێبکەنم ئەمەشم بەلاوە گرنگ نییە مـن کتێبەکـەم لـە خوێنـەرانی خـۆم دزیـوە, ڕۆمـاننووس بـەهۆی خەڵکەوە دەژیو خوێنەرانی منیش بابەتی نووسینم پێ دەبەخشنو ئەو کەشفەش کە (رجاء نقاش) سەبارەت بە کتێبەکەی من خستیەڕوو بەڵگـەکانی بـریتین لـەوەی کـە چـەند ڕەگەزێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو ڕۆمانەکەدا هەیە, ئەویش بریتین لەوەی پاڵەوان ناوی حەیدەرەو کچەکەش کچە شەهیدە ڕووداوەکانیش لە جەزائیر ڕوویانداوە, حەیدەر لەسەر مالك حدادی نوسیوەو منیش لێی دواوم, ئەمەش سوکایەتی کردنە بە من کە بیەوێ ئەوە ساغ بکاتەوە کە من چیرۆکی ژیانی خۆمو چیـرۆکی ئـازاری وڵاتەکـەم لـە نووسـەرێك دزیبێ کە بە جەزائیر نامۆیە, چونکە چیرۆکەکانی جەزائیر لای هەموو کەس ئاشکرانو لە جەزائیردا ملیۆنو نیوێك کچە شەهید هـەن, ئایـا دەشـێ ڕەخنـەگرێك بۆچـوونەکانی لەسەر چەند ڕەگەزێکی لەم چەشنە بنیات بنێ, هەروەها (نقاش) پێی وایە نەزار قەبانی بەو گەرمو گوڕییەوە کە لەسەر منی نووسیوە لەبەر ئەوەیە من ئافرەتێکی جـوانم, ئایـا ئەزمەی جوانییە؟! کاتێك لە ساڵی ١٩٩٣ کە بۆ یەکەمجار نەزار گەڕایەوە بە بەیروت لێی پرسیم چیت کردووە؟ چونکە لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە یـەکترمان نـەبینی بـوو دکتـۆر (سهيل ادريس) وەڵامی دایەوە, کتێبێکی دەرکردووە پێویستە بیخوێنیتەوە, دواتر سێ جار (د.سهيل ادريس) داوای لێکردم دانەیەك لە کتێبەکەم پێشکەش بـە قـەبانی بکـەم, بەڵام نەمکرد چونکە من کتێبی خۆم جگە لە هەزاران پێشکەشی هیچ کەسێکی تر ناکەمو تەحەدای هەر دەوڵەمەندێ یا مەسئولێك دەکەم ئەگەر بانگەشەی ئـەوە بکـات مـن کتێبێکم پێشکەشی کردووە".

مایەوە سەر ئەوەی بڵێین کتێبەکانی موستەغانمی لەبەر ڕەواجی زۆریان لە چەندین شوێن بەبێ ڕەزامەندی خۆی چـاپکراوەتەوەو فرۆشـراون ئـەم چاپانەش بـە چـاپی قـەڵپ (مزور) لە قەڵەم دەدرێن لە وڵاتانی سوریاو یەمەنو فەلەستینو سویسراو ئەمریکا. موستەغانمی دەڵێ لە جنێف داوای یاسایيم لەسەر (دار الكنوزالادبيه) تۆمارکردو هەر بـۆ ئەم مەبەستەش چوومە سوریا بەڵام لە بەرامبەر ئەم چەتانەی بواری کتێب چی بکەم؟! کە بوونەتە گەورەترین چەتەی جیهانی, ئێستا لیستێکم لایـە کـەناوی (٣٠) چـاپخانەو پەخشکارو دەزگای بلاوکردنەوەی تیایە.